## وەلید عەرەب

### یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشیی هەولێر:

# زۆر پێشنیار کران و بەرپرسانی وەرزشی هیچیان نەکرد، ئێستاش هیچ قسەیەکم بۆیان نییە

وەلید عەرەب یاریزانی کوردی ریزی هەڵبژاردەی باڵەی نیشتمانی عێراقییە و یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکانی هەولێر و شوڕتە و پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووە، ماوەیەکیشە گەڕاوەتەوە ریزی یانەی هەولێر و توانی ئاستی تیپەکە بگەڕێنێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێشوو. وەلید لەدایکبووی ساڵی ١٩٨١ی شاری هەولێرە و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە پەروەردەی وەرزشی، ئێستاش قوتابی دکتۆرایە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی سەلاحەدین، ئێمەش بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشی و بەرنامەکانی داهاتووی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە : کارزان کانەبی

فۆتۆ: ئومێد ئیبراهیم





***ئاستی یاری باڵە لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاری تۆپی باڵە بە شێوەیەکی مام ناوەند دەبینم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

***ئەی لەسەر ئاستی عێراق چۆنی دەبینی؟**

-لە عێراق بە شێوەی باشتری دەبینم، چونکە ماوەی خولەکان زۆر و ژمارەی یاریزانانی پیشەگەری زیاترە.

***پێتوایە چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستانیش پێشبکەوێت؟**

-پێویستە ماوەی خولەکان درێژ بکرێتەوە و راهێنەری بیانی بهێنن بۆ یانەکان بۆ پێگەیشتنی یاریزانە تازە پێگەیشتووەکان، جگە لەمەش خولی فێرکردن بکرێتەوە ئەمانە دەبێتە هۆکار بۆ باشتربوونی ئاستی یاری تۆپی باڵە.

***بۆچی لە ناو ئەو هەموو یانە کوردییە کە بەتایبەت لە شارەکەی خۆت هەیە، لە یانەیەکی عێراقی یاریت دەکرد؟**

-من هەموو کات وتوومە کوڕی ئەم شارەم و لەم شارەش فێری تۆپی باڵە بووم، بۆ منیش شانازییە کە لە شاری هەولێر یاری بکەم.

*** ئامانجی چوونت بۆ بەغدا و سلێمانی تەنیا بۆ پارە بوو، یان هۆکاری دیکەی لەپشت بوو؟**

- چوونی من بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و شورتەی بەغدا لەبەر چەند هۆکارێك بوو، ئەوانیش یانەی پێشمەرگە و شورتە لە سەر ئاستی تۆپی باڵە لە یانەکەی خۆم واتە هەولێر باشتر بوون، یاریزانی پیشەگەریشیان هەبوو، هەموو ساڵێك لە خولی بژاردەی عێراق یارییان دەکرد، ئێمەش سەرنەدەکەوتین بۆ خولی بژاردە، بۆیە چوومە ئەم دوو یانانە کە گرینگی زیاتریان دەدا بە تۆپی باڵە، بۆ من کاتێکی خۆش بوو لەگەڵ ئەم تیپانە یاری بکەم و بیسەلمێنم کە یانەی هەولێر فێرگەیەکی باشە بۆ دروستکردنی یاریزان کە من وەك هەولێرییەك جێگام هەبێت لە هەموو یانەیەك بە ئاستێکی باش یاری بکەم، ئەوەش خۆی شانازییە بۆ یانەی هەولێر کە یاریزانەکانی لە هەموو یانەیەك دەتوانن یاری بکەن و رۆڵی کاریگەرییان هەبێت.

***کێشەو گرفتتان زیاتر لە یاری باڵەدا چییە؟**

- کێشە تەنیا ئەوەیە یانەی هەولێر پشت بە یاریزانانی خۆی دەبەستێت و یاریزانانی پیشەگەر ناهێنێت، بۆیە ناتوانین لە خولی بژاردە رکابەری بکەین، ئەوەش لەبەر قەیرانی داراییە.

***بۆچی لە کوردستان ئاستی ئەم یارییە لە پاشەکشەدایە؟**

- چونکە وەکو پێویست گرینگی نادرێت بەم یارییە، نەبوونی راهێنەری زۆر بەتوانا و کەمیی یاریزان و زۆری یانە لە کوردستان ئەمانە هەمووی هۆکارن.

***چی پاڵی پێوە نایت بڕیاری گەڕانەوەت بۆ یانەی هەولێر بدەیت؟**

-من خۆم هەموو کات هەستم بەوە کردووە لە یانەی هەولێرم و ماڵی دووەمی منە یانەی هەولێر، داوام لێ کرا ئەمساڵ بۆ هەولێر یاری بکەم، منیش بە خۆشحاڵییەوە قبووڵم کرد، چونکە من کە رۆیشتووم، وتم هەر کات پێویستتان بە من بوو، من ئامادەم بگەڕێمەوە بۆ خزمەتکردنی یانەکەم.

*** لە یانەی هەولێر بە بێ پارە و گرێبەست بوونە پاڵەوانی کوردستان و یەکەمی عێراقیشن، ئەوە تا چەند ئاسوودەی کردووی؟**

-زۆر ئاسوودەم کە دوای چەندین ساڵ توانیمان دوو نازناو بەدەست بهێنین لەیەك کاتدا.




***هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لەم یارییە چییە؟**

- سوپاس بۆخوای گەورە بە هەموو ئاواتەکانم گەیشتووم لە وەرزشدا و ئێستاش تەنیا مەبەستم خۆشکردنی دڵی جەماوەری خۆشەویستە.

***دەستەی کارگێری یانەکە تا چەند هاوکاریتان دەکەن؟**

-ئەوەی لە توانایان بووبێت، بۆمانیان جێبەجێ کردووە.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-تا ئێستا هیچ بەرنامەیەکم نییە لەبەر ئەوەی خەریکی خوێندنی دکتۆرام، پشتیوان بەخوا کە تەواو بوو بەرنامەم دەبێت.

***چ پەیامێکت بۆ بەرپرسانی وەرزشی هەیە؟**

- زۆر پێشنیار کران و بەرپرسانی وەرزشی هیچیان نەکرد، ئیستاش هیچ قسەیەکم بۆیان نییە.

***لە هەڵبژاردەی عێراق وەکو یاریزانی کورد دژایەتیت ناکرێ؟**

-نەخێر، کەسیش ناتوانێت دژایەتیم بکات، لەبەر ئەوەی بە ئاستی خۆم لە هەڵبژاردەی عێراقم.

***هەوڵت نەداوە قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانان بکەیتەوە؟**

-لە دوای تەواوکردنی خوێندنەکەم بە نیازی ئەوەم قوتابخانەیەك بکەمەوە.

***لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت ماوە؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم و هیوادارم گرینگی زیاتر بە یاری تۆپی باڵە و بە هۆڵەکان بدرێت، چونکە تا ئێستا یانەی هەولێر هۆڵێکی باشی نییە، هۆڵی هەولێر خراپترین هۆڵە لە هەموو کوردستان ئەوەش لەسەر یاریزانان کاریگەری دەبێت.

# لیڤەرپوول یەکەم گرێبەستی بۆ وەرزی نوێی مۆرکرد

یانەی لیڤەرپوول یەکەم هەنگاوی بۆ وەرزی داهاتوو ئەنجامدا و گرێبەستی لەگەڵ گۆڵپارێزی لاوی ئەڵمانی و یانەی ماینز لۆریۆس کارێۆس بە بری ٥ ملیۆن یۆرۆ مۆرکرد بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو پارێزگاری لە گۆڵی سوور پۆشەکان بکات، ئەمەش ئامارەکانی ئەم گۆڵپارێزەیە لە خولی ئەڵمانیا.

- کاریۆس تەمەن ٢٣ ساڵ، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو گۆڵپارێزی سەرەکی یانەی ماینز بوو لە بۆندێسلیگا و جێگەی سەرنجی چاودێران بوو.

- کاریۆس درێژی ١٩٠سم خاوەن خێرایی جولە و کاردانەوەی خێرایە لە نێو گۆڵ دا.

- لە مێژووی خۆیدا کاریۆس ٩١ یاری لە خولی ئەڵمانیا ئەنجامداوە، بە رێژەی ٣٠ یاری بۆ هەر وەرزێك، لەم سێ وەرزە دا لەگەڵ یانەکەی ١١٤ گۆڵی لێ تۆمارکراوە و توانی لە ٣٠ یاری گۆڵەکەی خاوێن بپارێزێ.

- کاریۆس لە گەڕاندنەوەی لێدانی سزا ژمارەیەکی باشی هەیە، کاتێك ١٧ لێدانی سزا دژی تیپەکەی هەژمار کرا توانی ٧ لێدانی سزا بگەڕێنێتەوە بەرێژەی (٤٢٪) ئەمەش ژمارەیەکی بەرچاوە.

- لەم وەرزە کاریۆس چوار لێدانی سزای گەڕاندوە، توانی لێدانی سزای هەریەکە لە یاریزانان مارکۆس ریۆس-ی بروسیا دۆرتمۆند و تۆماس مۆلەری بایرن میونیخ و کلاس یان هۆنتیلاری یاریزانی شاڵکە و ساندرۆ ڤاکنری یاریزانی دارمشتاد بگەڕێنێتەوە.

- کاریۆس یاری بۆ گشت هەلبژاردەکانی ئەڵمانیا کردووە، بەڵام تا ئێستا یاری بۆ هەڵبژاردەی یەکەمی ئەڵمانیا نەکردووە.

- کاریۆس لەم وەرزە توانی ٩ یاری گۆڵەکەی بپارێزێ و ٤٢ گۆڵی لێ تۆمارکراوە و ٨٦ تۆپی دوورخستیتەوە و ٨١ تۆپی ئاسمانی لە نێو ناوچەی سزا کۆنترۆڵکردووە و ١٦ تۆپی ئاسمانی بە بۆکس دوورخستەوە و ٣٣٥ پاسی کورت سەرکەوتوو بووە و تەنیا ٣ پاسی کورتی بەهەڵە داوە.

- کاریۆس درێسی ژمارە ١ لەبەر دەکات لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول.



# ئامارێکی تایبەت بە یانەی بەرشلۆنە لە وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦

دوای تەواوبوونی وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦ی خولی ئیسپانیا، کە یانەی بەرشلۆنە توانی لەم وەرزدا هەردوو نازناوی خولی ئیسپانیا و جامی شای ئیسپانیا بەدەست بهێنێت، ئەمەی خوارەوە ئامارێکی تایبەتی یانەی کەتلۆنیەکەییە لەم وەرزدا.

- یانەی بەرشلۆنە ٦٢ یاری کردووە لە گشت پاڵەوانێتیەکان لەم وەرزدا.

- برشلۆنە ٤٦ سەرکەوتنی بە دەستهێناوە واتا بە رێژەی (٧٤,٢٠٪) و لە ٩ یاری یەکسانبووە (١٤,٥٪) و لە ٧ یاری تووشی دۆڕان هاتووە بە رێژەی (١١,٣٠٪) لە گشت پێشبڕکێیەکان.

- یانەی بەرشلۆنە ١٧٣ گۆڵی لە ٦٢ یاری تۆمارکردووە بە رێژەی (٢,٨) گۆڵ لە هەر یارییەك و تەنیا ٥١ گۆڵی لێ تۆمارکراوە بە رێژەی ( ٠,٨٢ )گۆڵ لە هەر یارییەك.

- یانەی بەرشلۆنە تەنیا لە (٥) یاری لەم وەرزدا نەیتوانیوە گۆڵ تۆمار بکات.

- لە (٦٢) یاری یانەی بەرشلۆنە یاری بە ٣٠ یاریزان کردووە و ئیڤان راکیتچ لە زۆرترین یارییەکان بەشداری کردووە، کە (٥٧) یاری بووە دواتر بۆسکیتس و لویس سوارێز، کە لە( ٥٣) یاری بەشداریان کردووە.

- لویس سوارێز گۆڵکاری تیپەکەیە ٥٩ گۆڵی تۆمارکردووە.

- میسی و نیمار و سوارێز (MSN) توانیان( ١٣١) گۆڵ تۆمار بکەن ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و ژمارەی پێشووەی خۆیان شکاندکە( ١٢٢ )گۆڵ بوو و ئەم سێ یاریزانە بە رێژەی (٧٦٪) کۆی گشتی گۆڵەکانی یانەی بەرشلۆنەیان تۆمارکردووە لەم وەرزدا.

- یاریزانانی بەرشلۆنە(١٢٥)کارتی زەرد و (٣)کارتی سووریان وەرگرتووە، یاریزان پیکی زۆرترین کارتی وەرگرتیە، کە ١٧ کارتی زەرد و یەك کارتی سوور پاشان یاریزانی ئەرژەنتینی ماسکیرانۆ ١٤ کارتی زەرد و ٢ کارتی سووری وەرگرتیە.

- یاریزانانی بەشلۆنە (٢٤) لێدانی سزایان وەرگرت توانیان(١٤) لێدانی سزا گۆڵ بکەن و (١٠ ) لێدانی سزایان لە دەستدا.

- ئەم وەرزە دوو نازناوی بە دەستهێناوە خولی ئیسپانیا و جامی شای ئیسپانیا و لە قۆناغی هەشتەم ماڵئاوایی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کرد.

- یانەی بەرشلۆنە خاوەن زۆرترین نازناوە کە لە وەرزێك خولی ئیسپانیا و جامی شا بە دەستبهێنێت ٧ جارە، پاشان ئەتلەتیکۆ بلباو ٤ جار و ریاڵ مەدرید ٣ جار و ئەتلەتیکۆ مەدرید یەك جار.

- یانەی بەرشلۆنە تاکە یانەیە لەسەر ئاستی ئیسپانیا، کە بتوانێت لە وەرزێك خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و خولی ئیسپانیا و جامی شای ئیسپانیا بە دەستبهێنێت، ئەوەیش دووجار لە وەرزەکانی (٢٠٠٨-٢٠٠٩)، (٢٠١٤-٢٠١٥).



# ئامارەکانی مۆرینهۆ لە خولی ئینگلیزی

یانەی مانچستەر یۆنایتد نزیکە لە مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ راهێنەری پورتوگالی مۆرینهۆ بەمەبەستی وەرگرتنی ئەرکی راهێنەرایەتی یانەکە لە وەرزی داهاتوو لە شوێنی راهێنەری هۆڵەندی ڤان گال، کە لە ئەرکی راهێنەرایەتی شەیتانە سوورەکان دوورخرایەوە، ئەمەی خوارەوە ئامارێکی گشتی مۆرینهۆیە لەکاتی رووبەڕوونەوەی راهێنەرەکان- کە لە خولی ئینگلیزی کاری راهێنەرایەتی دەکەن.

- مۆرینهۆ ١٦ جار رووبەڕووی گواردیۆلا راهێنەری داهاتووی یانەی مانچستەر سیتی بویتەوە، تەنیا لە ٣ یاری سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و لە ٥ یاری یەکسانبووە و لە ٨ یاری تووشی دۆڕان هاتووە.

- مۆرینهۆ ١٥ جار رووبەڕووی ئارسن ڤینگر راهێنەری یانەی ئەرسناڵ بوویتەوە، لە ٨ یاری سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و لە ٦ یاری یەکسانبووە و لە یەك یاری دۆڕاوە.

- مۆرینهۆ ١٠ جار رووبەڕووی پۆتشینۆی راهێنەری تۆتنهام بوویتەوە، لە ٨ یاری سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و لە یەك یاری یەکسانبووە و لە یەك یاری دۆڕاوە.

- مۆرینهۆ ٦ جار رووبەڕووی رانییری راهێنەری یانەی لیستەر سیتی بوویتەوە، لە دوو یاری سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و لە دوو یاری یەکسانبووە و لە دوو یاری دۆڕاوە.

- مۆرینهۆ ٥ جار رووبەڕووی یۆرگن کلوپ راهێنەری لیڤەرپوول بوویتەوە، تەنیا لە یەك یاری سەرکەوتنی بە دەستهێناوە و لە یەك یاری یەکسانبووە و لە ٣ یاری دۆڕاوە.

- مۆرینهۆ یەکجار رووبەرووی کۆنتی بوویتەوە ئەوەیش یەکسانبووە.

- تا ئێستا مۆرینهۆ لە ژیانی راهێنەرایەتی نەیتوانیوە لە راهێنەر رۆناڵد کومانی راهێنەری یانەی ساوسهامبتۆن بباتەوە.

- تا ئێستا مۆرینهۆ سەرکەوتنی بەسەر راهێنەری یانەی وێستهام یۆنایتد سلاڤین بیلیتچ تۆمار نەکردووە.



## خەندە لە خولی ئەڵمانی دەدرەوشێتەوە

خەندە سەدرەدین گۆڵگاری خولی فوتسالی عێراق و کچە یاریزانی تەمەن ٢١ ساڵی یانەی ئافرەتانی شاری هەولێر کە ماوەی زیاتر لە پێنج مانگە لەگەڵ خانەوادەکەی چۆتە ئەڵمانیا لە دوای گەیشتنی بۆ ئەم وڵاتەش پێوەندی بە ریزی یانەی (Herzlake)ی ئەو وڵاتە دەکات لە یاری تۆپی پێ و لە دوای تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی راستەوخۆ بانگهێشتی ریزی یانەکەی دەکەن و ئێستاش خەندە لەگەڵ یانەکە خەریکی مەشق

## هاوڕێ جەلال
## تائێستا بڕیارم نەداوە پێشمەرگەی هەولێر جێبهێڵم

## غەفورعوسمان خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە

غەفور عوسمان گۆڵپارێزی یانەی وەرزشیی ئارارات-ی هاوینە هەواری پیرمام کە ماوەی چەند وەرزێکە پێوەندی بە یانەی ئارارات کردووە و لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەرگری لە گۆڵی یانەکە دەکات، بەڵام بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان غەفور خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە کە ئایا دەچێتە یانەیەکی دیکە، یاخود هەر لە پیرمام دەمێنێتەوە، لە بارەی مانەوە و ئەگەری رۆیشتنی لە یانەکەش غەفور عوسمان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا من وەکو گۆڵپارێزی یانەی ئارارات ماوم و بەردەوامم

و ئامادەکارییەکانە بۆ یارییەکانی خولی تۆپی پێی ئافرەتان لەسەر ئاستی وڵاتی ئەڵمانیا. لە بارەی پێوەندیکردنیشی بە یانەکەوە خەندە لە ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای چوونم بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بە هۆی ئەو خولیایەی بۆ تۆپیپ پێم هەمبووە کە تا ئێستا بەردەوامم لەسەر وەرزشکردنم، پێوەندیم بە یانەی Herzlake کرد کە یانەیەکی شارەکەی خۆم بوو. دوای ئەوەی سەردانم کردن و لەلایەن راهێنەرانی تیپی کچان تاقییان کردمەوە، راستەوخۆ داوایان کرد یارییان بۆ بکەم.» لە بارەی گرێبەست کردنیش گوتی: «بە شێوەیەکی فەرمی هەموو کارەکانم لەگەڵیان تەواو کردووە.» گوتیشی: «لە ئەڵمانیا زۆر هاوکارمانن لە وەرزشکردن و هەوڵیش دەدەم باشترین ئاست پێشکەش بکەم و ببمە نموونەی کچی کورد لە یانەکەیان.»



هاوڕێ جەلال لە وەرزی رابردووە لە یانەی نەورۆزە بە هۆی ئاستی بەرزیەوە لەلایەن ئیدارەی یانەی پێشمەرگەی هەولێرەوە گرێبەستی پێشکەش کرا و سەنگەری یاریکردنی گواستەوە بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر، ئەمساڵیش لەگەڵ یانەکە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لە هێڵی بەرگری و توانی پلەی دووەمی خولی نایابی کوردستان لەگەڵ یانەکەی بەدەست بهێنێت و بەهۆی ئاست بەرزی خۆیشی بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان کرا. وەك خۆی باسیکرد لە لایەن چەند یانەیەکەوە گرێبەستی پێشکەش کراوە، بەڵام حەزی بە مانەوەیە لە یانەی پێشمەرگە، لەم بارەشەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئێستا یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرم و تا ئێستاش دیار نییە کە ئایا بەردەوام دەبم، یاخود بەردەوام نابم لە یانەکە، چونکە بڕێك پارەی گرێبەستم لەلای یانەکە ماوە.» لەبارەی پێشنیاری گرێبەست لەلایەن یانەکانی دیکەوە هاوڕێ گوتی: «لە چەند یانەیەك گرێبەستم پێشکەش کراوە و لە ئێستادا ناتوانم ناوەکانیان ئاشکرا بکەم، بەڵام من تا ئێستاش هەر یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرم، هەر کاتێکیش نەگەیشتمە رێککەوتن لەگەڵیان ئەوا بۆ هەموو لایەکی رایدەگەیێنم، بەڵام یانەکەم پلەی دووەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستانی بەدەستهێناوە لە یانەی خۆم باشتر نابینمەوە، بۆیە تاکو ئێستاش بڕیارم نەداوە لەسەر رۆیشتنم بۆ هیچ یانەیەکی دیکە و لە پێشمەرگەی هەولێر زۆر ئاسوودەم.

لە یانەکە، بەڵام نازانم بۆ بەیانی چی دەبێت. رەنگە گرێبەستی باشم بۆ بێت و بچمە یانەیەکی تر.» لە بارەی پێشکەش کردنی گرێبەست لەلایەن یانەکانی دیکەشەوە غەفور گوتی: «ماوەیەکی کەمە خولی نایابی کوردستان کۆتایی هاتووە، تاکو ئێستاش لەگەڵ هیچ یانەیەك بە فەرمی دانەنیشتووم بۆ ئەوەی قسە لەسەر داهاتووی خۆی بکەم.» لە بارەی ئیدارەی یانەی ئاراراتیش کە داوای مانەوەیان لە ناوبراو کردبێت، غەفور گوتی: «تاکو ئێستا ئەوانیش بە فەرمی داوای مانەوەیان لە من نەکردووە بۆ ئەوەی بەردەوام بم، بەڵام من لە مەشقەکانی خۆم بەردەوام دەبم بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی خۆمان بەرز بکەینەوە لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی کوردستان باشترین ئاست پێشکەش بکەین، چونکە خولی نایابی کوردستان ساڵ بە ساڵ ئاستی بەرەو پێشتر دەچێت و یاریزانانی خولەکەش زیاتر بەدەر دەکەون. بەش بە حاڵی خۆشم هیچ گرفتێکم لەگەڵ هیچ یانەیەك نییە و وەرزشی خۆم ئەنجام دەدەم.»

